# بەهای جوانیناسی لە شیعرەکانی دڵدار دا

**پ.ی.د. پەخشان سابیر حەمەد**
**زانکۆی سۆران/ فاکەلتی ئاداب**

**پێشەکی**

جوانیناســـی بە ڕێڕەوی هەموو ڕۆشـــنبیرییەکاندا تێپەڕیوە و یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی نێو ئەدەب کە سیمای ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی دەناسێنێ، بەشێکی بنەڕەتی لە نێو شیعردا جوانییە کە هاوتەریب لەگەڵیدا هەنگاودەنێت.لە کاتێکدا جوانیناسـی زانسـتێکە زوو پێشـکەوت وگەلێ ئاڵۆزی وتەمومژیشی تێدا بەدیدەکرێت و تێڕوانینی هەمەجۆر هەڵدەگرێت.

فەیلەســـوف و بیریـارەکـان هەر یەکەیـان لە ڕوانگەی خۆیـانەوە گوزارشـــتی لەم زانســـتە کردووە،هیگل(١٧٧٠_١٨٣١) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی زۆر بە قووڵی لە زانستی جوانی دواوە، هەر لە ســاتەوەختی دەرکەوتنی هەســتپێکراوی بیرۆکە جوانیش ســەرهەڵدەدات، شـیعر و مۆسـیقاش نزیکترین سـەرچاوەن لە خاوەنەکەی چونکە هەردووکیان پەیوەسـتن بە خودەوە، بۆیە ئەم دووانە بە هونەری خودیی ناو دەبردرێن.

جواننـاسی دوای ئەوەی لە سێبەری فەلسەفەدا سەریهەڵداوە بۆتە زانستێکی سەربەخۆ و شاعیریش بە یەکێ لە ماناکان پشـکێکی فەلسـەفەی بەردەکەوێت، سـەرباری پشـکێکیش لە سـۆفیگەری و ئەو دڵســـۆزییەی ســـۆفی بۆ بیروباوەڕەکەی هەیەتی لای شـــاعیریش بەدیدەکرێت وبە هۆی زمانەوە داهێنان دەکات.

دڵـدار (١٩١٨_١٩٤٨) یەکێکە لەو شـــــاعیرانەی کە هەرچەنـدە تەمەنێکی کەمی بوو، بەڵام توانی پێگەیەک لە نێو ئەدەبیاتی کوردی بگرێت، دەنگدانەوەی فراوانی بەرهەمەکانی دەلالەتی گرنگیپێدانی ژیانە ڕۆشنبیرییەکەیەتی، لەپاڵ ئاستی هۆشیاری و کەسایەتی خودی دڵدار.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**

ســروشــتی بابەتەکانی دڵدار وهەمەجۆریی ســەرچاوەکانی شــیعری دڵدار لە لایەک و هەڵبژاردنی جوانیناسـی وبەهاکانی لە نێو بەرهەمە شـیعرییەکانیدا بوونە هۆی دیاریکردنی ڕێبازی ( شـیکاریی _ڕەخنەیی) کە بە پێی ئەم ڕێبازە خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی کراوە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**

_ دۆزینەوەی بەهای جوانیناسی لە دووتوێی شیعرەکانی (دڵدار) دا .
_دیاریکردنی تایبەتمەندی شاعیر وتێڕوانینەکانی بۆ خودی جوانی.
_دۆزینەوەی پێوەر وئەو بنەمایانەی لای شاعیر بەهای جوانیناسییان گەڵاڵە کردووە.
_کاریگەری بەها ڕەوشتی و جوانیناسەکان بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە.

ـ دۆزینەوە و دیاریکردنی تێڕوانینەکانی شاعیر بەرامبەر ژیان و دەوروبەر و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی جوانیی و ڕێکخستنیان لە سیاقی شیعریدا.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە**

هەرچەندە دڵدار یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆری لەبارەوە نووسراوە وتارادەیەک بایەخی پێدراوە، بەڵام هێشتا دیوانێکی شیاوی دوور لە هەڵە و کەم وکورتی نییە،بۆیە بۆ دیاریکردنی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان پشتمان بە (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) کە لە لایەن (عبدالخالق علاء الدین) ئامادەکراوە، بەستووە وتەنیا شیعرەکانمان وەرگرتووە،بە هۆی پەیوەستبوونی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بە کرۆکی شیعرەکانی.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە**

چی وایکردووە دڵدار بەم تەمەن کورتیەوە ئەم ئامادەبوونە فراوانەی هەبێت، ئەمە ئەم پرسیارە جەوهەرییە سەرەکیەیە کە دەمانەوێ لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی بدەینەوە، لە پاڵ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی جوانی ودیاریکردنی سەرچاوەکانی جوانی لای دڵدار و بەها ئیستاتیکیەکانی نێو شیعرەکانی دڵدار و پێگەی لە نێو ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (بەهای جوانیناسی لە شیعرەکانی دڵدار دا ) یە و لە دوو تەوەری سەرەکیدا تاوتوێی جوانیناسی وبەها گرنگەکانی نێو بیرۆکە داڕێژراوەکانی دڵدار دەکات و تێڕوانینەکانی بەرامبەر بوون ومەعریفە وپێکهاتەی مرۆڤ دەخاتە ڕوو.

تەوەری یەکەم گوزارشت لە (هۆشیاریی شیعریی و جوانیناسی ڕیتمی شیعریی لای دڵدار) دەکات وتەوەری دووەم بۆ (جوانیناسی زمانی شیعریی وسێکوچکەی بوون،مەعریفە،پێکهاتەی مرۆڤ) تەرخانکراوە. دواتر سەرەکیترین ئەنجامی بەرهەمی گەڕانی نێو شیعرەکانی دڵدار دەستنیشانکراون و لیستی سەرچاوەکان وپوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراون.

**تەوەری یەکەم**

**هۆشیاری شیعریی وجوانیناسی ڕیتمی شیعریی لای دڵدار**

بوونی دڵدار وەک کورد و خاوەن خاک و نیشتمان وئاڵا بەڵام بە بی بوونی چوارچێوەی دەوڵەت لە پاڵ هۆشیاری کەسیی، هۆشیاری شیعریشی فراوانتر کردووە، بە تایبەتی کە هەر لەو کاتەی فامی کردووە و بینیویەتی سەربەستی و ئازادی کە یەکێکن لەو خەسڵەتانەی پەیوەستە بە جوانی،ئەو وەک نەتەوە لێی بی بەش بووە، لە نێو مێژوودا پانتاییەکی پی نەبەخشراوە، ئەمە وایکردووە جوانییەکانی ناخی بەسەر یەکەوە کەڵەکەبن وتۆزی زەمەن دایانپۆشێت، قوربانیدان بە گیان (گیانفیدانیە گیانفیدانیە هەر گیانفیدان) بەردەوامی ئەم ڕێڕەوی قوربانیدانە خۆی لە خۆیدا بە هۆی هۆشیاری شیعرییەوە گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی جوانیناسی. (دڵدار)لە (ئەی ڕەقیب) دا لە ترۆپکی شانازی نەتەوییدا دەژی (ڕەقیب)هەموو ئەو هێزە مێژووییە کوێرە بکوژانەیە، کە بە هێزو توندوتیژی ئامانج و مەبەست و دەوری ئێستا وڕابردوو ئایندەیان ئەوەیە نەتەوەیەک لە ڕەگەوە لە

سەر خاکەکەی هەڵکێشن جگە لە داسەپاندنی دەوری کوژراوی بۆ ئەو نەتەوەیە هیچ مافێکی دیکەی لە بەردەمدا بە ڕەوا نابینن)( ئەحمەد : ٢٠٠٥ : ٤٢ – ٤٣ )
گیانی یاخی (دڵدار) ئەو ڕووبەڕووبونەوەی لە نێوانیاندا دروســـــت کردووە، چونکە (دڵدار)هەر لە تەمەنێکی کەمیدا لە ناخەوە کەســــێکی یاخی بووە، بۆیە ویســـــتوویەتی (لە کۆی ئەو شـــــەرعییەتە مێژوویانە یاخی بی، کە تەنیا بە لۆژیکی هێز بوونی ناشەرعی خۆیان دەسەپێنن) ( ئەحمەد :٢٠٠٥ : ٤٤) .
ئاراســتەی گوتاری شــیعری دڵدار لە خود (ناوەوە)بەرەو نەســتی کۆمەڵگەیە، بۆیە هەمیشــە لە نێو نەســتی کۆ ئامادەیی هەیە، ئامادەبوونێکی چالاکی زیندوو، ئەمەش وایکردووە تەمەنی کەمی (دڵدار) زۆر بالا بێت وچەندین هێندەی تەمەنی بێتەوە، ( لە کاتێکدا هۆشـیاری بریتییە لە بنەمای مەعریفەو دیاردەیەکی جوانییە، واتە :هۆشـیاری:مەعریفە:جوانی ( الجهاد: ٢٠٠٧ :١٢-١٣) مەعریفە هۆشـیاری و جوانی بەیەک دەگەینێت و(شـیعریش لە سـروشـتی خۆیدا زۆر پەیوەسـت و بەسـتراوە بە لایەنی کەسـیی و وێنەیەکی شـیعریش خودی هەسـتەکانی تاکە کەسـە کە دەتوانین بڵێین :شـیعر کوڕی خودە) (عید :١٩٩٤: ٢٠ ).
هەرچەندە ( جوانی دەگەڕێتەوە بۆ دوو جیهان لە هەمان کاتدا : جیهانی هەسـتەکان و جیهانی هزر، لەوانەیە هەستەکان پشکی زیاتریان بەرکەوێت، کەواتە هەستکردن بە جوانی دەگەڕێتەوە بۆ چەقی ناوەڕاست کە تێیدا هەردوو جیهانی هەستی و عەقڵی پێکەوە بەشدار دەبن)( أبو ريان : ؟:٢٧- ٢٨).
بەڵام ڕێژەی هەریەک لە جیهانی هەستی وعەقڵی جیاوازن وبە پێی سـروشـتی بابەتەکە دەگۆڕێن، شـیعرێکی نیشـتمانی جیاوازە لە شـیعرێکی سـیاسـی، ئەگەر چی سـنووری جیاوازییەکانی نێوانیان کەمیش بێت، کە ئەفلاتون هەر زوو و (لە ســـــەرەتادا خەســـــڵەتە جوانەکانی لە بوونە هەســـــتی و کەسییەکان دۆزییەوە، ووردە ووردە لەو جوانییە کەسییە هەستپێکراوە سەرکەوت، تا هۆکارەکەی لە گشت کەسەکان بدۆزێتەوە، تا گەیشتە سەرچاوەی جوانییە هەستپێکراوەکە لە نمونەی جوانی لە خود دا ) ( أبو ريان : ٢٧- ٢٨).
لە کـاتێکـدا جوانی لە نـاوەو دەرەوەی خودی مرۆڤ لە خـاڵێکدا کۆدەبنەوە و ئەم خـاڵە دەبێتە ناســـــنامەی ئەو دەقانەی ئەم خودەی بەرهەمهێناوە، بۆیە هەر دەقەو خـاوەن جوانی تـایبەت بە خۆیەتی کە لە ڕەگەزێکیدا یا زیاتر لە ڕەگەزێک دەبێتە چەقی دەرکەوتنی جوانییەکان هەرچەندە بەشـــی زۆری جوانی بە هۆی هەســـتەکانەوە پێوانە دەکرێت و(مرۆڤ لە ڕێگەی هەســـتەکانیەوە لە جوانی تێدەگات) (شـيللر :١٩٩٥ :٣٩). و بەشـداری لە بازنەی هۆشـیاری شـاعیر دەکات هەر خۆی دیاردەی جوانیناسـی دەبێتە کەشـێک بۆ هۆشـیاری و(دیاردەی شـیعریی بریتی دەبێت لە شـێوازی بوونی هۆشـــیاری شـــیعریی، ئەگەر بە کەشـــێکی بەرجەســـتەکراوی وێنەڕێژ بکەین، ئەوا ســـێ ڕەهەندەکەی دەبێتە زمان و زەمەن و هۆشـــــیاری کە هەریەکەیان بە تەنها نین، بەڵکو لەگەڵ یەک بەناو یەکدا دەچن، لەبەر ئەوەی لە نێو ئەو کەشەدا لە هەر خاڵێکدا یەکدی دەبڕن )( الجهاد: ٨٤).
لەو ڕوانگەیەوە پێشـــکەوتنی زمان هاوتەریبی پێشـــکەوتنی بیرە، ســـەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەرکی زمان دەبێتە دەربڕی ووردی ئەزموون، کاتێ شــــــاعیر زمان دەکاتە ئامرازی هونەرەکەی، دەبێ بەسەر ووشەکانیدا زاڵ بێت، چونکە زمان شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە ئەزموونەکە دەبەخشێت، کاتێ لە بەرگێکی نوێوە خۆی دەدۆزێتەوە ( سانتيانا: ١٩٠).





زمان وکەرەستەکانی زمان قالبی ئامادەکراو نین، بەڵکو کەرەسەیەکی خاون، لە ڕێگەی شاعیرەوە بنیاد دەنرێن و دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشرێت، تەنانەت شیعر ناتوانێت ڕکابەری لەگەل مۆسیقاشدا بکات، چونکە (بواری شیعرو مۆسیقا جیاوازن و تەنیا گونجان لە نێوانیاندا هەیە .شیعر پەیوەستە بە زمان وئامانجی چێژە)( عید : ٣٤٩).

هەروەها (بابەتی مۆسیقا ئاوازەو بابەتی شیعر ووشەیە، مۆسیقا حاڵەتێکی ڕەهاو کراوەیە و لە نێوان خۆیاندا ڕێک دەکەون بەبێ دیاریکردن، لەکاتێکدا شیعر بە پێی ئاوازی دانراو لە چوارچێوەی وشەدا کار دەکات وبەو ووشانەوە دیاریکراوە ) (برتلیمی : ١٩٧٠ : ٢٧٥ ).

جوانی خاوەن بەهایەکی خودییەو بەهاکەی لە ئەندێشەدایە کە سەنتەری داهێنانە، کۆی شیعرەکانی دڵدار، وەکو کۆی تەمەنە کورتەکەیەتی، وەک لە خشتەی ژمارە (١)ی تایبەت بە دیاریکردنی ناونیشانی شیعر و ساڵ وشوێنی نووسینی شیعرەکانە دەبینرێت .

**خشتەی ژمارە (١)**

**نەخشەی شیعرەکانی دڵدار**

| ناونیشانی شیعر | ساڵ | شوێن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ئومێد | ١٩٣٥ | هەولێر | |
| ڕوناکی | ١٩٣٦ | هەولێر | |
| ئەی کورد | ١٩٣٦ | هەولێر | |
| ئەی خودایە | ١٩٣٧ | کەرکوك | |
| لاوی کوردان | ١٩٣٨ | کەرکوك | |
| مەی | ١٩٣٨ | کەرکوك | |
| ئێش | ١٩٣٩ | کەرکوك | |
| ڕۆڵەی تازە | ١٩٤٠ | دیارینەکراوە | |
| کوردستان | ١٩٤٠ | بەغدا | |
| ئەی نازەنین | ١٩٤٢ | بەغدا | |
| کۆترە باریکە | ١٩٤٢ | بەغدا | |
| لە مەیانی مجادەلەیەکدا | ١٩٤٣ | ڕانیە | هاوبەش لەگەڵ جاهید |
| بڵێ سەربەستی ئەی لاو | ١٩٤٤ | بەغدا | |
| خەندەکەی بایی | ١٩٤٤ | بەغدا | |
| سزاواری | ١٩٤٤ | ڕانیە | |
| کانی | ١٩٤٤ | ڕانیە | هاوبەش لەگەڵ جاهید |
| نائومێدی | ١٩٤٥ | بەغدا | |
| لالەباس | ١٩٤٥ | بەغدا | |
| گوڵی سوور | ١٩٤٦ | هەولێر | |
| توتنەوان | ١٩٤٧-١٩٤٨ | کۆیە | لە (٧)بەش پێکدێت |
| تەخمیس | ١٩٤٨ | کۆیە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نامەی دڵدار | ١٩٤٨ | شوێن دیار نیە | |
| ئەی ڕەقیب | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| ئەی لاو | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| بۆ ئەو کەسەی | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| دڵ | مێژووی نیە | کۆیە | هاوبەش لەگەڵ عەونی شاعیر |
| قەل وریێوی | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | وەرگێران |
| موفرەدات | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| ئەی بادی شەماڵ | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| مندالی هیوا | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| زولف وئەگریجەی یار | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| الگلاسم | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | إيليا أبو ماجی - وەرگێڕان |
| زەریا (البحر) | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | إيليا أبو ماجی - وەرگێڕان |
| کڵێسە (الدير) | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | إيليا أبو ماجی - وەرگێڕان |

کۆی شیعرەکانی دڵدار بەم شێوەیە دابەش دەبن :

١. ئەو شیعرانەی لە دانانی خۆیەتی ← لاسایی کردنەوە / داهێنانی خۆی

٢. ئەو شیعرانەی هاوبەشن ← لەگەڵ عەونی / لەگەڵ جاهید

٣. ئەو شیعرانەی وەریگێڕاون (لە ئاکامی سەرسامبوونی بە دەقەکانەوە) .

هەریەکە لەم سێ بەشە خاوەن جوانی و ناساندنی لایەنی جوانی (دڵدار) ی شاعیرن .بەهای جوانیناسی خۆی لە سیاقی ڕستە شیعرییەکان دەدۆزێتەوە، بە پێی ئەم هێڵکارییە ئاماژەیان پێدراوە ( بودوخە : ٢٠١١ : ٢٨) .

دیاردەی دەنگیی — دیاردەی دەلالیی

ئیجا

دیاردە هاوبەشەکان (دەنگیی و دەلالی ) ڕەگەزدۆزی دروست دەکەن و دیاردە دەنگییەکان بە تەنیا قافیە یا بە شێوەیەکی گشتی دووبارەکردنەوەی دەنگێکی دیاریکراو، دیاردە دەلالیەکان خواستن و گشت خوازەکان دەنوێنن (بودوخە : ٢٠١١ : ٢٨ ) .

هۆبكنز جوانی قافیه لەوەدا بەدی دەكات كە جۆرێكە لە ڕەگەزدۆزی و دەنگەكان یا لێكچوو یا هاوتان و واتایان جیاوازە ( كوهین: ٢٠٠٠ : ٣٦١ )

شەهبازی یا شەهێنی، شاهی یا شەهلاری تۆ
بێ دڵی بێ مروەتی عاشق كوژی خوێنخواری تۆ
زاڵمی غارەتگەری تاڵان بەری تۆ بۆ گیان و دڵ
لەشكری تاتاریە دوو زولفەكەی تاتاری تۆ ( علاء الدین : ١٧٧ )

هێنانەوەی چوار ووشە كە بە پیتی (ش) دەستپێدەكەن مۆسیقای شیعرەكەی دوو هێندە كردووە، بە تایبەتی لە ئاكامی دروستكردنی ئەم حاڵەتی سەرسوڕمانە پانتایی جوانییەكانی فراوانتر كردووە، سەرباری (غارەتگەری، تاڵان بەری)كە هاوكێش وهاوسەروان ولەناواخنی ڕیزی شیعریدا بڕی مۆسیقاكەیان زێتر كردووە،ئەمەو جگە لە هێنانەوەی(لەشكری تاتاری) و(زولفی تاتاری) بە هۆی بوونی دیاردەی دەلالیی لە (تاتاری) ڕەگەزدۆزی تەواو درووست بووە و (تۆ) بۆتە پاش قافیەی شیعرەكە و سێ پیتی (اری) هاوبەش سەروایەكی بە هێز و مۆسیقی تریان دروست كردووە، چونكە چەند پیتەكانی سەروا هاوبەشیان زیاتر بێت، باڵاتر دەبێت .

(دلدار) خۆیشی هێندە لەگەل مۆسیقای شیعری كلاسیكی ژیاوە وەک خۆی دەڵێ :(هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم كە دیوانی حاجی قادری كۆییم زۆرتری لەبەر بوو، هەمیشە بە ووردی سەرنجم لە هەڵبەستەكانی عەونی وڕاجی وعاصی وحسێنی وهیرانی دەداو لەبەریشم دەكردن بە وانەش دابین نەبووم،هەڵبەستی هەر كەسێكم دەستكەوتبایە دەمنووسیەوە ولەبەریشم دەكردن،بە تایبەتی هەڵبەستی وەفایی كوردی،بێكەس،پیرەمێردم زۆر لەبەر كردن وهەر لەو ساڵەدا هەستم بەوە دەكرد، كە چێژ لە هەڵبەست وەرگرم و زۆر گیرۆدەی بووم )(كاكەی فەللاح :١٩٨٤: ١٠٠)

ئینجا (دلدار) یک لە نێو دەریای جوانی ئەم شاعیرانەدا مەلەی كرد بێت، دەبێت خاوەن چ جۆرە هزرو كەسایەتیەک بێت، كاكەی فەللاح ئاماژەی بەو شیعرانە داوە كە گوایا زۆرتر پەیڕەوی حاجی قادری كۆیی كردووە، كە تەنیا مەبەستی دەربڕین وكارتێكردنی بیروباوەڕەكەی بووە، بێ ئەوەی گوێ بداتە شێوەو زمانی شیعرەكان ...، مەگەر بۆ وەزنی شیعر ئاوڕێک لە باری هونەری وپاراوی زمان درابێتەوە .(كاكەی فەللاح : ١٠٢).

كاكەی فەللاح بەم بیروڕایەی وبەم خوێندنەوەیەی بۆ شیعرەكانی دلدار، زوڵمێكی گەورەی لێكردووە، چونكە حاجی قادری كۆیی(١٨١٥ – ١٨٩٧)، هەروەها(دلدار)یش لە ڕوانگەی دڵسۆزی و پابەندبوونیان بەئەركی هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە جەختی زیاترییان لەسەر ناوەڕۆک وگەیاندنی پەیامەكان كردۆتەوە،بەڵام بە هیچ شێوەیەک زمانی شیعرییان فەرامۆش نەكردووە،تەنانەت حاجی قادر (توانیویەتی زمانی میللیش بكات بە زمانی شیعریی بەرز، هەرچەندە واژەكانی سادەو ساكاریش بیت، بەڵام پڕجوڵەو حەرەكەن ) ( عەلی قادر :٢٠١٢ : ٥٤٠)

هەردوو شاعیرەكە شارەزاییەكی تەواویان لە نەریتەكانی زمان و تەوزیفكردنیاندا هەبووەو (شوێنەواری جوانی كێش و سەروا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕازاندنەوە دەنگییەی توانای لە دروستبوونی كاریگەری جوانییەكی تەواو هەیە ( كوهین : ٢٠٠٠ : ٥١ )

و(له کاتێکدا کێش ڕەگەزێکی سەربەخۆی شیعر نییه له دەرەوە بخرێته سەر ناوەڕۆکەکەی، بەڵکو بەشێکە له سیاقی واتا ولێی جیا نابێتەوە) ( کوهین :٢٠٠٠: ٥٥)
گونجان وشیاوبوون له شیعردا کرۆکی جوانیەکانی نێو دەق دیاریدەکات، به واتایەکی تر ناشێت سادەیی بکرێته پێوەرێک بۆ کەمکردنەوە له بەهای جوانیناسی دەقێکی دیاریکراو، چونکه شاعیر له هیچ کاتێکدا (وێنەی شتەکە وەک خۆی ناگرێ، بەڵکو چۆنی دەبینێ، یان چۆنی بۆ دەردەکەوێت، واته پەیکەرە ئەبستراکتەکەی ناکێشێ، بەڵکو دوای ئەوەی هەستەکانی دەبزوێنێ، به خشڵەکانی خەیاڵی دەیرازێنێتەوە )( نیار : ١٩٨٦ : ٥٩ )
هەر حەقیقەتە زمانییەکانە دەگۆڕێن بۆ بەهای جوانیناسی، مرۆڤ کاتێک بیەوێ له واقیعی ڕۆژانە دووربکەوێتەوە، هەروەک هویسمان ئاماژەی پێداوە پێویستە له نێوان دوو ڕێگادا یەکێکیان هەڵبژێرێت، یا شیعر واته هەڵاتن بەرەو جیهانی باڵا یان فەلسەفە واته له ناوبردنی جیهانی واقیعی ( هویسمان :١٩٨٣ : ٦٩ ) .
به تایبەتی که (هەندێ جار هەست دەکەین تینو و برسی هەستە ئاگرینەکانین، ئەم هەستە نزیکە له بیرۆکەی پاکبوونەوەی دەروون (catharsis) بەڵام به تێڕوانینێکی ڕامانیی تایبەت )( سوریو: ١٩٨٢ :٧٠ ).
پاکبوونەوە بەهۆی تەنیاییش دەبێت، چونکه له کاتە پڕ تەنیاییەکاندا خودی کەسەکە وتاوتوێکردنی بابەتەکان لەگەڵیدا دەبێته هەموو شتێک، (دڵدار) دان بەمە دادەنێ که چەند پەرۆشی تەنیاییە و دەڵێ: (من زۆر حەز به تەنهایی دەکەم و زۆریش به خەیاڵات پەیدا دەکەم، ئەمە خاسیەتێکی منداڵیمە)(علاءالدين :٢٢) بەهۆی تەنیاییەکەیەوە تێڕامان و ووردبونەوەی له سروشت و دەوروبەر کردووە و چێژی له جوانییەکان وەرگرتووە.
(دڵدار) له شیعری(دڵ)(*) که لەگەڵ (عەونی) به هاوبەشی له کۆیە دایانناوە، سەلیقەو جوانی و داڕشتنی شیعرەکە، دەقئاوێزانێکە لەگەڵ شیعرێکی بڵاوی نالی (١٧٩٧-١٨٥٦) (**) .
دڵدار وعەونی :

(دڵ) له بەینی تەلعەتی ڕوو زولفەکەی دە یجوورتە
گاهی مەیلی شەو ئەکات وگاهی مەیلی نوورتە

نالی :

عاشقی بی دڵ دەناڵێ مەیلی گریانی هەیە
بی شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە

دڵدار وعەونی :

بەحری عوممانی سروشکم وا بە دەم گریانەوە
پڕ لە دانەی گەوهەرە هەم لەعلی وێنەی سوورتە

نالی :

(*) ئەم شیعرە لە (دڵدار شاعیري شۆڕشگێڕی کورد) حەوت بەیتە و لە کتێبی (دڵدار شیعرو هەڵوێست) ی شێرزاد عبدالرحمن ل:٨٧ – ٨٨ ، پێنج بەیتی تری لەگەڵدایە کە لەگەڵ حەوتەکەی پێشتر جیاوازەو دەشێ شیعرێکی سەربەخۆ بێت.
(**) بڕوانە دیوانی نالی ، چ:٨ ، لاپەڕەکانی ٥٧٨ – ٥٨٨ .

چاوی من دەمدەم دەڕێژی ئاوی صاف و خوێنی گەش
دا بڵێن دەریای عوممانە دوڕ و مەرجانی هەیە
دڵدار وعەونی :
سا ئەزانی چەند پەشێوە ئەو دڵەی بیماری من
پەیکراوی تیری غەمزەی چاوەکەی مەخموورتە
نالی :
دڵ موشەبەک بوو لەبەر ئێشانی نیشانی موژەت
حەیفە قوربان ئاخر ئەم نیشانەیی شانی هەیە
دڵدار وعەونی :
ئاسمانی حوسنی ڕوخسارت لە ئەبرۆ وچەرخی ڕوو
تاقی ئەبرۆت دوو هیلال و چەرخی کوڵمەت خوورتە
نالی :
ئاسمانی حوسنی مەحبوبم لە ئەبرۆ و زولف و ڕوو
دوو هیلال و دوو شەوو دوو ماهی تابانی هەیە

هەرچەندە شـــیعرەکەی دڵدار وعەونی وجوانییەکانی نێوی لەســـەر جوانیەکانی شـــیعرەکەی نالی بنیادنراوە،بەڵام جوانییەکان تایبەتن و وێنەو حاڵەت وســـەروا و کەرەســـتەکانی هەڵبژاردنێکی زیرەکانەی هەردوو شـــاعیرەکەیە لە لایەک و لەلایەکی ترەوە (جوانیناســـی کە ئەو زانســـتەیە لە چییەتی جوانی و ئەرک و ئامرازەکانی دەکۆڵێتەوە، واتە زانســـتێکی ڕامانی نییە،بەڵکو زانســـتێکی پێوانەیی حدســـی یە لە هەمانکاتدا، چونکە بە پێی پێوانەییەکان حوکم لەســـەر بوونی جوانی دەدات، دواتر چییەتی جوانییەکە دەردەخات) ( الجیار: ٢٠٠٥ :١٨٣).
گواســتنەوەی جوانی لە دەقێکەوە بۆ نێو دەقێکی تر دەبێتە دوو هێندە، بەو مانایەی جوانیی بینین و تێڕوانینەکانی نالی وەک دەقی یەکەم لەگەڵ جوانییەکانی دڵدار وعەونی وەک دەقی دووەم،کە لە دەقی کۆتاییدا ســـی جوانی بەشـــداری کردووە ودەقەکەی پتەو جوانییەکانی چڕتر کردۆتەوە. لە زانستی جوانی هاوچەرخدا دوو ڕووگەی سەرەکی بەدی دەکرێن:بریتین لە ( محمد: ١٩٩٣: ١٨ – ١٩ )

- ڕووگەی یەکەم : بەرەو دیراســـەکردنی جوانییە هونەرییەکانی ڕوخســـار دەڕوات، بەو پێیەی ڕەگەزی ســـەرەکییە لە کاری هونەریدا وپێی دەوترێت جوانیناســـی زانســـتی، چونکە هەوڵ دەدات لە تەکنیکەکانی ڕوخســـارو شـێوازو ئامرازە نێوەندگیرەکان لە هونەر وەکو زمان بکۆڵێتەوە، تەنانەت (سیمیۆتیکا) یا سیمیۆلۆژی لەم ڕووگەیەدایە بەوەی سیما هونەرییەکان وەک سستمێک لە نیشانە شیدەکاتەو (بێرس ) و (دی سۆسێر)دایانهێناوە .
- ڕووگەی دووەم:ئارەزوویەتی بەرەو خودێتی لە ڕاڤەکردنی کێشـــەکانی کاری هونەری هەنگاو بنێت، ئەمە لە کارەکانی (کانت وشـــێلینگ وشـــۆبنهاوەر) بەدی دەکرێت کە لە ڕاڤەی کاری هونەریدا ڕەنگی داوەتەوە .هەرچەندە کارێکی ئاســـان نییە لەچوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردیدا ســـنووری تەواوی ڕێبازە ئەدەبییەکانی کلاســـیک وڕۆمانســـیزم وڕیالیزم جیا بکرێتەوە لەگەڵ

ئەوەشـــــدا دەكرێ مـاوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهـانی بكرێـت بە ســــەردەمی داهێنـان ونوێخوازی،چونكە لەو كـاتەدا كۆمەڵگـای كوردی لە هەموو بوارەكـانی ژيـانيدا لە قەيرانـدا بوو، ئەمەش پێويســـتی بە ئەدەبی تايبەت بەخۆی بوو،وكاريگەری لە ســـەوزبوون وگەشـــەســـەندنی ئەدەبێكی نوێ بوو كەلە دووتوێی بەرهەمەكانی پيرەمێرد وشـــێخ نوری و گۆران ودڵدار وهەردی وهەندێ شاعيرانی تری ڕۆمانسيزمی ونوێخوازيدا خۆی دەنوێنێ (فەتاح:٢٠١٣: ٣٨ ).

د.مارف خەزنەدار دڵدار بە يەكێ لە ڕابەرەكانی شـێوازی ڕۆمانسـيزم وڕياليزم لە ئەدەبی كورديدا دادەنێ، چونكە هەر زۆر خۆی لە كۆت وبەندی ياساو دەستورەكانی كلاسيكييەت ڕزگار كردووە و ڕووی كردۆتە ڕۆمانسيزم ( خەزنەدار : ٢٠٠٥: ٤٩ ).

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دڵدار لە لايەک خەونی زۆری هەبوو و لە لايەكی ترەوە بەردەواميی خەونە بەدی نەهاتووەكانی حاجی قادری كۆيی بووە، دڵدار پەروەردەی دوو جەمسـەری شـيعريی باڵايە (ناڵی وحاجی قادری كۆيی ) و لەم بارەيەوە دەڵێ : شـــيعرە جوانەكانی ناڵی لەگەل شـــيعرە ئاگرينەكانی حاجی قادری كۆيي لە مێشـكمدا لەســەر زەعامەتی ئەدەبی شــەڕيان بوو، لەم شــەڕە شـــتێكيان بەمن بەخشـــی، ئەويش بۆ شـــيعرو ئەدەبييات ڕواندميان، بەڵام ناڵی كە بۆ دڵداری ڕای ئەكێشـام و حاجی قادر كە بۆ نيشـتمان پەروەری ڕای ئەكێشـام،ئەم شـاعيرانە هەردووكيان جياجيا تەئســيری خۆيان لە دڵم كردبوو، بەڵام موتالەعاتی تەئريخم و موحيتە ئاگرينەكەم ونەفســيەتی بۆ خزمەت تێنوم هەرسێكيان منيان بەلای (حاجی)دا دا ( علاءالدين :٥٠).

ئەمەش ئەوە دەگەينێ كە دڵدار بە هۆی خۆشـەويسـتی خاك ونيشـتمان و ئامانجی خزمەتكردنی بە دڵســـۆزيەوە (دڵـدار) ی وەكو نـازنـاو بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، هەروەهـا هەر ئەمەش وايكردووە خۆشەويستی خۆی بۆ ڕەگەزی مێ ئاشكرا نەكات ودڵی لەسەر جوانييەكانی خۆشەويستی تەنيا لە نێو شـيعردا بكاتەوە، نەک لە واقيعدا، خاڵێكی تری گرنگی پەيوەسـت بە جوانيناسـی لە شـيعردا بۆ هەمەجۆری لە كێش و ســـەروا و بەكـار هێنـانی تەفعيلەی جيـاواز دەگەڕێتەوە،كە مۆســـيقـای هەمەجۆريش دەبەخشێت .

سەرباری چۆنيەتی گێڕانەوەو خستنە ڕووی بابەتی بيرۆكەكەو ڕێڕەوی گشتی و كۆتاييپێهێنانی، بە تايبەتی (گونجانی نێوان كێش وســـەروا و مۆســـيقای دەرەوە، ئەم گونجانە يەكێكە لە ڕەگەزەكانی جوانی) ( الربضـــي : ٢٠٠٧ :٩٥) لە پاڵ ڕەگەز و تەكنيكەكانی تری شـــيعر، لە تێڕوانينی(باشـــلار) خەون بەهێزترە لە ئەزموون ( باشـــلار: ٣٦) بە واتای ژيانی عەقڵی و ژيانی خەونی، ئەم دوو ژيانەيە هاوسەنگی بوونييان ڕاگرتووە و يارمەتی شاعيرێكی وەكو (دڵدار) يشيان داوە، جوانييەكانی ئەم هاوكێشەيە دەستەبەر بكات .

كە لە دووتوێی دوو جيهانی دژيەک و جياواز وســـەربەخۆ لە هەموو شـــتێكدا لە هەمانكاتيشـــدا هاوكێشەی جوانيە دووانييەكانن چەشنی ڕوناكی و تاريكی، خۆشی و ناخۆشی، خۆشەويستی و ڕق ...هتد، (جان بير روی) لەم بارەيەوە دەڵێ : ئەو ژيانە بۆ مرۆڤ شـــەوی يە(ژيانی خەون)، وژيانی ڕۆژی (ژيانی عەقڵە)( باشلار :؟:٣٧ )

ژيـانی عەقڵ ئـاوەز دەگرێتەوەو ژيـانی خەونيش خەيـاڵ، كە جەمســـەرەكـانی (ئـاوەز وخەيـاڵ) جەمســـەرەكانی هۆشـــياری مرۆڤن و ڕۆڵێكی بايەخداريان لە بنيادی هۆشـــياری شـــيعريی هەيە، باشلار بەم دوو جەمسەرە دەڵێ :(جەمسەرەكانی هۆشيارييەكی باش) (باشلار : ؟:٣٠ )

دڵدار پێکهاتەیەکی جوانی لەم دوو جەمسەرە وەرگرتووە، بە تایبەتی لە دەربڕینەکانی نێو شیعری (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور) کۆکراوەی جوانییەکانی هەردوو جەمسەرەکە بەدی دەکرێت وجەوهەری ڕەوشتن، کە لە گونجانی ویژدانی تاکەکەس و داواکراوەکانی کۆمەڵگە بەدیدەکرێت، دڵدار ئەو خاوەن ویژدانە بوو کە پانتاییەکی بۆ داواکاری خۆی نەهێشتبۆوە، بەڵکو گشتی بۆ پاراستنی جوانییەکانی وڵات وجوانترکردنی تەرخانکردووە .

دڵدار لەو کاتەوەی(کەوتە خوێندنەوەی ئەدەبی تازەی عەرەبی،لەم ئەدەبەشدا شەپۆلی تازەکردنەوە لەسەر دەستی ئەدیبە لوبنانیە ئەمریکا نشینەکان وەکو جبران وئیلیا ابو ماضي،میخائیل نعیمە، وئەدیبە میسرییەکانی وەک خلیل مطران،وعلی محمود طە،و نوسەرو شاعیرانی گۆڤاری(الهلال) و(الرسالة) سەرنجیانی ڕاکێشا) (ڕۆڤار : ژمارە ١٠ : ٢٩ )

بە تایبەتی سەرسامبوونی بە ئیلیا أبو ماضي (١٨٨٩ –١٩٥٧)، کە (پێشەنگی شاعیرانی تاراوگەیە و شیعرەکانی هەڵگری سیما هزرییەکانە کە بە سەر زۆربەی ئەزموونی شاعیردا زاڵە، لە دیاردەکانی سروشت و بونەوەرە زیندووەکان هاوکێشەی بابەتی دروستکردوە، تێیدا تێڕوانینە هزری و هەڵوێستە دەروونیەکانی بەرامبەر بە ژیان و مرۆڤ بەرجەستەکردووە )( حسین : ٢٠٠٧ :١١٠ )

کە هەڵگری بیری ووردی فەلسەفی ڕامانیی قووڵن و کاریگەرییەکی زۆری نەک تەنیا بەسەر شیعری عەرەبییەوە هەیە بەڵکو ڕەنگدانەوەی هزرو دەربڕینە جوانیناسیەکانی لە نێو شیعری کوردیشدا مایەی سەرنجە، ئەمە پاڵی بە (دڵدار ) ناوە شیعری (الطلاسم)( أبو ماضي :٢٠٠٤: ١٥٦ )،و(البحر) ( أبو ماضي: ٢٠٠٤ : ١٥٧)،(زەریا) کە ٢١ کۆپلەیە و لە نێوان کۆپلەکاندا هەمان دەستەواژەی (لست أدری) هەیە بە هەمان شێوەی شیعری (الطلاسم) و (الطلاسم) یشی وەک خۆی داناوەتەوە، بەبێ وەرگێڕان و تەنیا یەک کۆپلەی (الدیر)( أبو ماضي : ٢٠٠٤ : ١٦١ – ١٦٤ ).بە (کڵێسا)ی وەرگێڕاوە، لە کۆی (٩) کۆپلە وەرگێڕاوە، ئینجا (دڵدار) لەبەرچی تەنیا ئەم کۆپلەیەی وەرگێڕاوە، یا هەمووی وەرگێڕاوە و وون بووە و نازانرێت .

لەگەل ئەوەشدا وەرگێڕانی شیعر قورسترین جۆری وەرگێڕانە کە بەدی دەکرێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت، کەسی وەرگێڕ خۆیشی شاعیر بێت، بۆیە (دڵدار)یش بوێری ئەوەی تێدا بووە ئەم کارە بکات، هەرچەندە ئەگەر شیعریش وەربگێڕدرێت، ئەوا شیعرییەت و ئەو بڕە شیعرییەتەی لە زمانی ڕەسەندا تێدایە، لە کاتی وەرگێڕاندا بڕێکی زۆر شیعرییەت وون دەکات، لەپاڵ زیانبەخشین بە جوانیەکانی ڕیتمی ناوەو کێش وسەروا و بەشێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەتی وەک ڕەگەزدۆزی، لە کاتێکدا شیعری (الطلاسم ) دەربڕینە لە ئەزموونی دەروونێکی پڕ لە دڵەڕاوکی و ترس، کە گومان لە هەموو شتێک دەکات و ناگاتە هیچ. قۆناغی گومان تێپەڕ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغێکی تر بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆتاییەکەیدا دەست بە قۆناغێکی تری گومان بکاتەوە تا بە هۆی (لست أدري) گوزارشت لە حاڵەتی نەزانینە بەردەوامەکەی دەکات، ولێوانلێون لە پرسیار ( محمود : ٢٠٠٥ : ٣٥٢ ).

کە لە دواوەی پرسەکاندا ڕەهەندێکی فەلسەفی بەدی دەکرێت، تەنیا هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمانەی (إیلیا أبو ماضي) دەلالەتی ڕۆشنبیری و جوانیناسی (دڵدار) دەناسێنن .

**تەوەری دووەم**

جوانیناسی زمانی شیعریی و سێکوچکەی بوون، مەعریفە و پێکهاتەی مرۆڤ

تێڕوانینەکان وەک چۆن بەرامبەر بە جوانیناسی وبەرامبەر شیعر هەمەچەشنن، بەرامبەر زمانی شیعریش بە هەمان شێوە، توانای شیعر لە سەر داماڵینی نهێنی یەکان و دۆزینەوەی شتە شاراوەکانی نێو دەق، کە لە ئاکامی فەرهەنگی شاعیر وزەمینە ڕۆشنبیرییەکەی سەر هەڵدەدات، دیاریدەکرێت، زمانی شیعری گرنگیەکی زۆری لە لایەن شاعیر و ڕەخنەگران پێدراوە، بە تایبەتی کە گوێی مرۆڤ هەمیشە ڕقی لە دووبارەیی و ووشەی سواو هەیە و ئارەزووی بیستنی ووشە لە سیاقی نوێدا دەکات.

پێشکەوتنی زمانیش جگە لەوەی لە دەرەوەی شاعیرەوەیە– واتە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی کە شاعیر تێیدا پەروەردە دەبێت، وەردەگرێت، بەڵام دواتر شاعیر خۆی نەک تەنیا دەبێتە خاوەنی زمانەکە، بەڵکو ئەو هەلەشی هەیە نوێکاری لە نێو زماندا بکات، ئەزموونی شاعیر و چۆنیەتی دارشتنی بیرۆکەکانی پەیوەستە بە لایەنی ڕۆشنبیری خودی شاعیرەکە، شاعیر دەتوانێ لە ڕێگەی هەستەکانیەوە ووشەکان پڕ دەلالەتر بکات، و لەسیاقی نوێتردا دایانڕێژێت.

شیعرییەتی زمان لە کاتی دروستبوونی پەیوەندی نوێ لە نێوان ئەم سێ بابەتە (مرۆڤ، شت، ووشە ) دیاریدەکرێت، بەم شێوەیە (أدونیس : ١٩٩٦ : ١٥٤)

١. پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ
٢. پەیوەندی نێوان شت لەگەڵ شتەکانی تر.
٣. پەیوەندی نێوان ووشەو ووشە، واتە کاتی وێنەیەکی نوێی ژیان ومرۆڤ پێشکەش دەکات.

ئەمە وایکردووە (ڕەقیب)ەکەی دڵدار کۆی هەموو ئەو (ڕەقیب) انەی نێو شیعری کلاسیکی تێپەڕ بکات و بەرگێکی نوێ بهێنێتە نێو دونیای شیعری نوێ و لە کۆتەکانی غەزەلی ڕزگار بکات و چالاکیەکی هەمیشەیی پی ببەخشێت، وناسنامەی نەتەوەیی بچەسپێنێت.

(ڕەقیب) لە نێو شیعری کلاسیکیدا مەبەست لێی دوو کەس کە یەک دلبەریان هەبێت، و هەریەکە ئەوی تریان بە بەدکار و دوژمنی خۆی دادەنێت و هەمیشە دەیانەوێت ئاگایان لە هەڵس وکەوتی یەکتری بێ ( عارف: ٢٠٠٧: ٤٢٤)

نالی دەڵێ :

هەر لەحزە دەڵێم من سەگی دەرگام و ڕەقیبیش
دێتە سەروچاوم کە منیش سەگ مەگەسێکم (مودەریس :١٣٩١ : ٢٩٤ )

**یا سالم دەڵێ:**

یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا
غـەمـناک و شـادمانم ڕەحـمـەت عەزابی هێنا (دیوانی سالم : ١٩٧٢ :٣٥)

موستەفا بەگی کوردی کە دەڵێ:

ئەی ڕەقیب سەد جار دورم کەی یا جنێوم پێ بدەی
نا عیلاجم هەر دەبێ بێم بۆ سەلاحی کارەکەم (دیوانی کوردی : ٢٥٧٣ک)

له گشــت نموونه‌كاندا ڕه‌قیب به‌دكاره‌و یه‌ک كه‌ســه‌، به‌ڵام لای (دڵدار) ڕه‌قیب دوژمنه‌ و كوردیش له‌ گشت لاوه‌، به‌ دوژمن ده‌وره‌ دراوه‌، كه‌واته‌ ڕه‌قیب لای دڵدار كۆیه‌ و زیانیشی زۆرترو فراوانتره‌.

ســـرוودی (ئه‌ی ڕه‌قیب)[*] كرۆكی ناســـیۆنالیســـتی دڵدار ده‌خاته‌ ڕوو، كه‌ گشـــت دوژمنه‌كانی نه‌ته‌وه‌كه‌ی به‌ بێ دیاریكردنی ناسنامه‌یان ده‌گرێته‌وه‌، به‌و مانایه‌ی دوژمن و داگیركه‌ر، دوژمنه‌ ئیتر هه‌ر كه‌ســێک وخاوه‌ن ناســنامه‌یه‌ک بێت به‌مه‌ش ((دڵدار ڕۆڵی له‌ نوێكردنه‌وه‌ی شــیعری كوردیدا هه‌بووه‌ و له‌ دوای ئه‌و ته‌مه‌نه‌ كورته‌ی خۆیه‌وه‌،هۆنراوه‌ی باڵاكه‌ڵه‌گه‌تی جێهێشـــتوه‌،وه‌لێ(ئه‌ی ڕه‌قیب) كه‌ وه‌ک نمونه‌ی شیعری پێشكه‌شكراوه‌ (وه‌رگێڕدراوه‌ته‌ سه‌ر زمانی سویدی) یه‌كێک نییه‌ له‌ شیعره‌ جوانه‌كانی وی، با وه‌ک سرودی نیشتمانی پێیشی قایل ببین )) (حه‌سه‌ن : ٢٠٠٧ : ٨٢ – ٨٣) به‌ڵام سرودی نه‌ته‌وه‌یي هه‌ڵگری كۆی هه‌سته‌كانی نه‌ته‌وه‌یه‌ک ده‌رده‌خات له‌ لایه‌ک و له‌لایه‌كی تره‌وه‌ جه‌خت له‌ســـه‌ر ناوه‌ڕۆک ده‌كاته‌وه‌ نه‌ک لایه‌نی هونه‌ری ده‌قه‌كه‌، بۆ ئه‌م مه‌به‌ســـته‌ دڵدار توانیویه‌تی نیشـــانه‌كه‌ به‌ ووردی بپێكێ، هه‌ر ئه‌وه‌شـــه‌ وای كردوه‌ تاكو ئێســـتا هیچ ســـرودێكی جێگره‌وه‌ی نه‌بێت و یه‌كێكیشـــه‌ له‌و شـــیعرانه‌ی ناســـنامه‌و جه‌وهه‌ری كورد ده‌رده‌خه‌ن، بۆیه‌ وه‌رگێڕانی واتای ناساندنی كورد ده‌گه‌یه‌نێت .

(دڵدار) ویستویه‌تی هاوشێوه‌ی حاجی قادر(١٨١٥ – ١٨٩٧)سیسته‌مێک بۆ وڵاته‌كه‌ی ڕێک بخات و كۆمه‌ڵگه‌كه‌ی وه‌كو هه‌ر كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی تر خاوه‌ن پلان و هزرو چوارچێوه‌یه‌كی جوگرافی دانپێنراو بن، جگه‌ له‌ حه‌ماسه‌تی نه‌ته‌وه‌یی و شانازیكردن و ڕۆمانسیزمێتی نه‌ته‌وه‌یی، ڕه‌خنه‌یی نه‌ته‌وه‌یی له‌ نێو ئه‌م ســرووده‌دا به‌دی ناكرێت، وه‌ک لای حاجی قادر په‌یڕه‌و كراوه‌، هه‌رچه‌نده‌ دڵدار له‌ شــیعری تریدا له‌ ڕێگه‌ی ڕه‌خنه‌ گرتن له‌ تـاكه‌كـانی كۆمه‌ڵگه‌كه‌ی به‌ تـایبه‌تی چینی لاوان (ئه‌ی لاو،لاوی كوردان) ( علاءالدين : ١٩٨٥ : ٢٠٢)

ئه‌م شیعرانه‌ سه‌رتاپایان ڕاسته‌وخۆ ئاراسته‌ی لاوان كراوه‌، له‌ گه‌ڵێ شیعری تریشدا ناڕاسته‌وخۆ ئه‌م په‌یامه‌ی هه‌یه‌ و ئه‌م شیعره‌ی دووه‌میان (لاوی كوردان) له‌ ساڵی ١٩٣٨ داناوه‌، ئینجا شاعیرێک له‌و كاته‌دا ئه‌م بیرڕێژییه‌ی هه‌بێت، ده‌بێت هۆشـــیارییه‌كه‌ی له‌ چ ئاســـتێكدا بوو بێت،وه‌ک له‌كۆتایی شیعری (ئیش – كه‌ركوک – ١٩٣٩) دا ده‌ڵێ:

مردنه‌ ژینت به‌ بێ كاری له‌ سستی لابده‌
هه‌ر به‌ ڕه‌نجی لاوی وه‌ک تۆ، نیشتمان ئاوا ئه‌بێ

( علاءالدين : ١٩٨٥ :١٧٦)

---

[*] هێرۆ عه‌بدوله‌تیف یونس له‌ نامه‌ی ماســته‌ره‌كه‌ی كه‌ ناونیشــانی (دڵدارونوێكردنه‌وه‌ی شــیعری كوردی)یه‌ وله‌ ســاڵی ٢٠٠٨ پێشــكه‌شــی كۆلێژی زمان) زانكۆی سلێمانی كردووه‌ له‌ باره‌ی ئه‌م ســرووده‌ ده‌ڵێ :(ئه‌گه‌ر ســه‌یری ناونیشــانی ده‌قه‌كه‌ بكه‌ین (ئه‌ی ڕه‌قیب) كه‌ به‌ كلیلی كردنه‌وه‌ی ده‌ق داده‌نرێت شــاعیر به‌ شــێوه‌یه‌كی ناڕاســـته‌وخۆ ده‌قه‌كه‌ ئاراســـته‌ی دوژمن ده‌كا ، هه‌ر چه‌نده‌ ڕاســـته‌وخۆ ڕواڵه‌تی دوژمن ده‌رناخا ، به‌ڵام وێنه‌كه‌ی له‌ یۆتۆپیای شاعیردا جێگیره‌و له‌ هه‌موو ساته‌ وه‌ختێكدا ، وله‌و بارودۆخه‌ سیاسیه‌ی كه‌ دڵدار تێیدا ژیاوه‌ ئاماده‌بوونی هه‌بووه‌ وڕێگر بووه‌ له‌به‌رده‌م هێنانه‌دی ئامانجه‌كانی نه‌ته‌وه‌ ) بۆ ئه‌م مه‌به‌ســـته‌ بڕوانه‌ ســـه‌رچاوه‌ی ســـه‌ره‌وو، ل٦٧ ، به‌ڵام شـــاعیر ڕاســـته‌وخۆ گوتاره‌كه‌ی ئاراســـته‌ی دوژمن ده‌كات ، چونكه‌ (ئه‌ی)ئامرازی بانگكردنه‌ و هاوواتای (یا) ی بانگكردنه‌ له‌ زمانی عه‌ره‌بیدا كه‌ (أي)، (أيها)(أيتها)خۆیان ده‌نوێنن وڕاســـته‌وخۆن و بۆ ئاگاداركردنه‌وه‌ی ، (دڵدار)یش به‌ مه‌به‌ســـتی ئاگاداركردنه‌وه‌ی دوژمن و وه‌ســـتاندنی به‌كارهێناوه‌ .

ئەمانە تەنیا ووشـــەی ڕووکەش یا واتای ســـادەنین، بەڵکو واتای دوور و نوێی لە هەمان کاتدا گرتۆتەخۆ و لێرەدا چالاکی ووشـەکانی بەدی دەکرێت، هەسـتی باوەڕ بەخۆ بوون و باوەڕ بە هزر و تێڕوانینەکان لای دڵدار تا ئەوپەڕیەتی.

دڵدار ویســـتویەتی بەهای ڕەوشـــتی لای لاوان بچەســـپێنێ، بۆیە ڕاســـتەوخۆیی و گوتاری ڕاسـتەوخۆیی لە بەشـێکی زۆری شـیعرەکانی دڵدار بەدی دەکرێت، کە هەر لە ناونیشـانەکانیانەوە دیارن.

وەک (ئەی ڕەقیب، ئەی خودایە، ئەی نازەنین، ئەی کورد، ئەی لاو، بڵێ ســـەربەســـتی ئەی لاو ) هەموو ئەو ناونیشـــانانە بە (ئەی) واتای ڕاســـتەوخۆیی بە دەســـتەوە دەدەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت(دڵدار) ی شـاعیر ســەرنجەکانی ســەر بنیادی مرۆڤێکی ڕاســتگۆ بنیاد ناوە، ئەم هێڵی ڕاسـتگۆییە لە واتاکانی دواوەی شـیعرەکانیدا بەدی دەکرێن و تەنانەت وایکردووە ڕاسـتگۆییەکەی کەم وکورتیەکان بشـــارێتەوە و لە زمانێکی نوێدا خۆی بەرهەم بهێنێتەوە و ئاراســـتەکەی بەرەو داهاتووە و گەشبینە ئەگەر هزرەکانی خرانە بواری پەیڕەوکردن.

ئەگەرچی بەهای جوانیناســـی جیاوازە لە بەهای ڕەوشـــتی کە دڵدار جەختی زیاتر لە ســـەر بەها ڕەوشـتیەکان کردۆتەوە وبەهای ڕەوشـتیش پەیوەسـتە بە ناوەڕۆکەوە، بەڵام بەهای جوانیناسـی بایەخ بە ڕوخســـار و پەیوەندی لەگەڵ ناوەڕۆکدا دەدات، نەک تەنیا ڕوخســـار بە شـــێوەیەکی ئەبسـتراکت دوور لە ناوەڕۆک، ئەگەرچی ئەفلاتون (٤٢٧ پ.ز – ٣٤٧ پ.ز) ســەرنجەکانی لەســەر جوانی میسـالی هەسـتپێکراو کۆکردەوە، کە لە ئاکامی هەردوو ڕەگەزی جوانی ورەوشـت تا چاکە لەسـەر زەوی ڕەنگ بداتەوە، واتە پەیوەسـتبونی چاکەی ڕەوشـتی وجوانی، ئەم میسـالیە کەمینەیە، کە (دڵدار) یش دەچێتە ناو ئەو کەمینەیە و(ئەفلاتون) یانە بیر دەکاتەوە وسەرنجەکانی دەخاتە سەر کۆمەڵگە و دەیەوێ خەڵکان خەمخۆری ووڵات وســـەرچاوەی ئاوەدانکردنەوەی نیشـــتمان بن ولە خزمەتیدا بن و هانیان دەدات بۆ جوانی وجێهێشتنی شوێنەواری جوانی بە ڕوخساری ژیاندا .

بە تایبەتی کە ووشـــە لە شـــیعردا ئاماژەیە بۆ دواوەی واتاکان، ڕەهەندی نوێی پێ دەبەخشـــێت، بەمەش نوێ دەبێتەوە و دەژیێت، گەر وانەبێت ووشــک دەبێت و دەمرێت،ووشــە بۆ شــیعر ئاوی ژیانی زمانە، زمان لە واتای شیعردا نەک لە ڕووکەشدا ( الخال : ١٩٧٨ :٢٣)

جوانی زمان لە واتاو دواوەوەی واتاکاندایە وبەو کۆمەڵە بارگەکراوەی بەرەو وەرگر هەنگاو دەنێت، بە واتایەکی نوێی وا کە لە پێشـتردا ناسـراو نەبووە بۆیە (پێویسـتە تێڕوانینمان بۆ شـیعر بگۆڕین بەوەی کە شـــیعر تەنیا قســـەی کێش وســـەروادار نییە، بەڵکو تێڕوانینی نوێیە بۆ هەموو شـــتێک، تێڕوانینی نوێیە بۆ چەمکی شـیعر، هەروەها بۆ زمان و مۆسـیقا، واتە دەبێتە تێپەڕی شـتی ئامادە بوو و بنیادنانی ئەو شتانەی کە دەشێ ئەنجام بدرێن )(ڕدۆنیس : ١٩٧٨ :٢٦١)

ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ژینگەی واقیعی شاعیر و زمانی شیعریی هەیە، چونکە شاعیر دەتوانی زمانی نوی لە نێو زماندا دابرێژێت و ئیحای نوێ بە ووشە ببەخشێت، کە خۆی لە خۆیدا (نێگەیشـتنی جوانیی لە سـیمایدا پرۆسـەیەکی مەعریفی یە، وئەزموونی جوانی بەوە وەسف دەکرێت کە هەستە یا هەستەکانن، بەڵام حوکمدان نییە، چونکە لە حوکمەکانی عەقڵدایە و بە پێی بنەماکان سەر هەڵدەدات( ت.سیس: ٢٠٠٠ :٥١– ٥٢)

بۆیە (ئەوەی کە دەگوترێت جوانی درک پێکردنی هەستی و وێنە ڕێژی عەقل کۆدەکاتەوە، ئەوە ناگەیەنی لە تەنیشت یەکیان دابنێین، چونکە وێنە ڕێژی عەقڵی هەر دەبێ لە نێو درکپێکردنی هەستی بە ڕێگەیەکی تایبەت بتوێتەوە و تێیدا وون ببێت، بۆ ئەوەی جوانی دەرکەوێت، دەبێ پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بێت)( ت.سیس: ٢٠٠٠ : ٦٥ – ٦٦ )
دڵدار دەیویست بە هەر ڕێگایەک بێت چەمکی جوانیناسی وەک چەمکێکی تیۆری بگۆڕێت بۆ پراکتیک و و شیعرەکانی بەو ئاراستەیە بردووە، کە پاڵنەرەکانی جوانی هەروەک جۆرج سانتیانا (١٨٦٣ – ١٩٥٢) لە سێ ڕەگەزدا چڕی کردۆتەوە و بریتین لە : بابەت و وێنەو دەربڕین، ئەزموونی جوانییش لە گونجانی نێوان ڕێڕەوی بیرو ڕێڕەوی سروشت دروست دەبێت ( سانتیانا :٢٠١٠ : ن )ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ئامرازێکن بۆ چێژوەرگرتن لە بوون و دەبنە ناوەندێک لە نێوان مرۆڤ وبووندا.
(دڵدار) خۆیشی سەرچاوەی جوانییەکانی سروشتی کردۆتە ئیلهام بەخش و پاڵنەرێک بۆ ئاشنابوون لەگەل جوانی، لە شیعری (کوردستان)کە لە ساڵی ١٩٤٠ لە بەغدا نوسیویەتی، هەست دەکرێت هەمان ئەو دوورییەی بینینی (بێکەس...) بۆ نیشتمان و لەودیو ئاسنەکانی زیندان حاڵەتێکی نۆستالیژیی دەبێتە مایەی نووسین (ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە)(بێکەس : ١٩٨٠: ١٠)
ئەویش لە دووری خاک ونیشتمان هەستەکانی ڕاپێچی دەکەن بۆ ئەوەی بڵێ:

چاوم پشکوتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت
______________
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت
ئەمانە هەمووی گوێیان کردمەوە
هەوێنی شیعری دڵیان گرتەوە
من درەختێکم لەو خاکە ڕوام
بە خۆشەویستی تووە ئاودرام ( علاء الدین : ١٨٢ )

(بینین )(گوێ کردنەوە)هێلێکی چەسپاوی لای شاعیر دروست کردووە، لادان لێیان هەروەکو مەحاڵێکە، ئەمانە جوانی و مۆسیقای ژیانی (دڵدار)ن، لە کاتێکدا مرۆڤ خۆی لە جەوهەریدا بونەوەرێکی ڕیتمییە، ڕیتمییەکەی لە ئاکامی ململانێی لەگەل هێلی زەمەنی بابەتی و هەوڵی زاڵبوونیەتی بە سەریدا لە ڕێگەی دووبارە دارشتنەوەی ئەم بابەتییە وگێڕانەوەی بۆ خود ( الجهاد :٢٠٠٧ :٨٢ )
ڕیتم یا ئیقاع (Rhythm) بە دوای یەکدا هاتنی نێوان حاڵەتی دەنگ و بێدەنگی (هێمنی) یان ڕوناکی و تاریکی، یان جولەو وەستان، یان هێزو لاوازی یا پاڵەپەستۆ و نەرمی، یان کورتی و درێژی، یان خێرایی و هێواشی یە ( وهبە : ١٩٧٤ :٤٧)

ڕیتمی شیعرەکەی دڵدار کە لەسەر بنچینەی (بینین وبیستن)بنیادنراوە، زانایانی جوانناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە مێشک بۆ پێوانەی جوانی تەنها هانا بۆ بینین و بیستن دەبات،کاتێک مرۆڤ شتێکی جوان دەبینێت یان گوێی لە دەنگێکی خۆش دەبێت،کاریگەری لەسەر مێشکی دروست دەکات، بەڵام هەستەکانی تری وەک بۆنکردن ودەستلێدان و تامکردن لە ڕێگەی جەستەوە دەبێت و کاریگەرییەکەیشی لەسەر جەستە دەبێت و ناچنە نێو ئاسۆکانی جوانی باڵا، هەر بۆیەشە ناووتری ئەم خواردنە جوانە، یان ئەم گوڵاوە جوانە ( العجلانی : ٢٠٠٢ : ١٠٨)

دەشێ بڵێین کاریگەریی ئەم دوو هەستە (بینین وبیستن) جوانی بەرهەم دەهێنێ، لە ئاکامی کاریگەرییان لەسەر مێشک و ڕەنگدانەوەیان لەسەر گیانی مرۆڤ و تێرکردنی لایەنە مەعنەوییەکانی ژیانی مرۆڤ، بۆیە دڵدار زیرەکانە پشتی بەم سەرچاوەی جوانییانە بەستووە، بە مەبەستی بەراوردکردنی نیشتمان بە شوێنێکی نامۆ (بەغدا)، بە هۆی خوێندنی تێیدا ژیاوە و ئەو هەموو جوانییەی ناخی کە هەڵگری جوانییەکانی نیشتمانە و ئاراستەکەیشی هەر بۆ نیشتمانە چونکە تەواو بۆتە (قیبلەگاە)، بەهۆی بەخشینی دەلالەتی (قبیلە) بە نیشتمان سەرباری پیرۆزی نیشتمان، پیرۆزییەکی ئاینیشی پێ بەخشیوە، ئەم تێکەڵبوونی ڕیتمی ژیانی شاعیر وەک کەس و ڕیتمی ژیانی نیشتمان وەک شوێن بوونەتە یەک

خۆشی ژیانم خۆشی ژینتە

ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە ( علاء الدین :١٨٢)

هیدگەر دەڵێ : لە هەر کوێ زمان هەبێت، جیهان هەیە، و لەوێدا کە جیهان هەیە مێژوو هەیە، زمان گرێنتییە بۆ جیهان و مێژوو، زمانە کە گرێنتی ئەوە دەدات مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت، وەک بونەوەرێکی مێژوویی وەسف بکرێت )( هیدغر : ١٩٧٤ : ١٤٩)

هەروەها بوونی مرۆڤ پەیوەستە بە بوونی زمان و شیعریش یەکێکە لەو ئامرازانەی ئەم بوونە بە هۆی نەک زمانێکی ئاسایی بەڵکو زمانێکی باڵا دەپارێزێت، جوانی سروشتی دەبێتە مایەی گوزارشتکردن بە هۆی زمانەوە لە جوانی هونەری، هەر چەندە (ماددە هەموو شتێک نییە لە جوانییدا، بەڵام بنەمایەکە یا سەرەتای جوانییە، هەروەک چۆن هەستەکان بنەما یا سەرەتای مەعریفین، واتە هەستەکان پەیامبەری دەروونن بۆ جوانی ( إبراهیم : ؟ :٦٧ – ٦٨)

دڵدار لە دەستپێکی شیعری (خەندەکەی بایی) کە لە ١٥ ی مارتی ١٩٤٤ لە بەغدا و لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی تەواو نوسیویەتی و دەڵێ:

لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی

فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم

پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی

بەسۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم

دە سا دەی مەسدەری هەستی

دەخێرا لادەری پەستی

وەرە تا من بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم ( علاء الدین : ١٩٦)

گوایە (هەوێنی ئەم پارچە شیعرە بەرزە تەقینەوەی بورکانی دەروونی پڕ خۆشەویستی و ئەڤینداری دڵدار بۆ (بهیە فرج الله) ( علاء الدین : ١٩٦)

و(بـایی)بەهیە بێـت (یونس ٢٠٠٨ :٧٧) ئەگەر دڵـدار نەیتوانیبێ ئیتر بەهەر هۆکـارێکەوە بێـت، خۆشـەویسـتی خۆی بۆ ئەم بەهیە ناوە ئاشـکرا بکات، چۆن بە ئاشـکرا ناوی دەهێنێت و دەیکاتە ناونیشـانی شـیعرەکەی، دڵدار کەسـێکی ووردبینی دووربین بووە، بۆیە (بەهیە فەرەج الله) لەو بارەیەوە گوتوویەتی :(دڵدار زۆر بە تین و دڵپڕی تەماشای دەکردم، هەستم دەکرد کە دڵی بۆم پڕ بووە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیدرکاند و باسی نەکرد، دەنا شووم پێ دەکرد )( باڵەک : ؟: ٣٠٦) نەدرکاندنی خۆشـەویسـتی لە لایەن (دڵدار) ەوە ڕوویەکی تری جوانی (دڵدار)مان پێ دەناسـێنێت، چونکە (دڵدار) لە ڕووی هزریەوە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبووە، مەسعود محەممەد کە لەسەر داوای (عەبدولخالیق علاء الدین) نوسـراوێک دەنوسـێت و ئاماژەی بەم مەسـەلەیە کردووە و دەڵێ (ئەوانەی بە شـیعر و بەسـەرهاتی (دڵدار) ەوە خەریکن لەوەدا کە فریشـتەی ناو (خەندەکەی بایی) بەهیە فەرەج الله یە و دڵدار بۆ ماوەی یەک دوو هەفتە بە دەسـت ئەو هەڵبەسـتەوە وەک نیوە سـەرخۆش وە یا نیوە مەدهۆش بە تەواوی نەیدەزانی چۆن و چی دەکات، هەمیشـە چاوەکانی دەبڕیە دیمەنێکی خەیاڵی تەنانەت لە ڕۆیشتندا کەمتر ئاگاداری بەر هەنگاوەکانی بوو ( علاء الدین : ٦٦ – ٦٧)

هەروەها مەسـعود محەمەد پێی وابوو : دڵدار لە هیچ هەڵبەسـتێکدا هێندەی (خەندەکەی بایی) زۆرە ملێیی لەگەڵ عاتیفەو شـاعیریەتی خۆی نەکردووە، هیچ پەری و فریشـتە ئادەمیەکیش بایی ئەو هەڵبەستە ئارایشتی لە (دڵدار) بۆ نەچووە ( علاء الدین : ٦٧)

خەمی سـەرەکی دڵدار ووڵات بووە، کە هێڵێکی درێژکراوەی نێو ژیانی شـیعرەکانییەتی، ئەم ووشـانەی شـاعیر دەریاندەبڕێت هەروەک باشـلار ئاماژەی پێداوە (کلیلەکانی جیهانن بە واتا دووانییەکەی :گەردوون وقوڵایی گیانی مرۆڤایەتی ( باشلار: ٢٠٠٣ : ٣١٥)

ووشـەکانی دڵدار دەربڕی حاڵەتە هەسـتیی و مرۆڤایەتییەکانی بووە، لەهەمان کاتدا زەمینەی ڕۆشنبـیری شاعیر وکۆکردنەوەی حاڵەتەکانی تری پێش خۆی، بۆ نموونە حاڵەتی گشتی شیعری (خەندەکەی بایی)کە هەموو کۆکن لەسـەر ئەوەی ئەم دەقە برێکی زۆر شـیعرییەتی تێدایە، تا ڕادەیەک تارماییەکی شیعرەکەی ئەحمەد هەردی (١٩٢٢ – ٢٠٠٦)تێدا بەدیدەکرێت کاتێ دەڵێت:

بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم
شریتی چی سەراپا سەر گوزەشتەی نا ئومێدیمە
فیلمی پڕ لە ناسۆر و هەرەسهێنانی لاویمە
تروسکەی تیا بەدی ناکەم سەرنجم چەندە لێ داوە
لەتاپۆی نامرادیم وتەمی ناسۆری بەولاوە ( هەردی : ١٩٨٤: ٥٨ – ٥٩)

ئەو (سـەرسـامی)ییەی لای (هەردی) بەدی دەکرێت و بە ڕوونی بەکاری هێناوە لە کۆپلەی یەکەمی شـیعرەکەی (دڵدار) بە ناڕاسـتەوخۆ وبەبێ ئاماژە پێکردنی (لە ئاقاقی ژیانی ناهومێدی ...) هەمان تێڕوانین بۆ خودی ژیان نیشـان دەدات، دەشـێ دەقەکەی (هەردی) لە نائاگایی (دڵدار) ئامادەیی هەبوو بێت و بەشداری لە دەربڕینی هەستە هاوشێوەکەی (هەردی) کردبێت، هەرچەندە شیعرەکەی (دڵدار)زۆر فراوانترە، بەڵام هەمان جوانی دەبەخشـن، زۆر جار دەق هەمووی مولکی هەسـتەکانی شـاعیر بێت، یان خوازراو بێت، گرنگ تا چەند دەبێتە سـەرچاوەی جوانی بەخشـی و تا چەند بە

زیندوویی دەمینێتەوە و چالاکە، هەندێک[*] لەو باوەڕەدان کە دڵدار لە ژێر کاریگەری چیرۆکی (بولبول وگوڵ)ی ئۆسکار وایلد (١٨٥٤ – ١٩٠٠)(Oskar wilde)(، شیعری گوڵی سوور لە ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر نوسیوە، ڕەمزێکە بۆ قوربانیدانی گوڵ وبێ دەسەڵاتی چونکە بە دەست کەسانێکەوە ئازار دەدرێت و ڕۆڵی مە عشوقەی شەهیدی عیشق دەنوێنێت، دووانەی خۆشەویستی و قوربانیدان هەردوو بەرهەمەکە دەگەێنێتە یەک، هەر چەندە بەرهەمەکەی ئۆسکار لە (گوڵی خوێناوی) ی (گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) نزیکترە، ئەگەرچی هەندەێک لایان وایە گۆران بیرۆکەکەی لە ئۆسکار وەرنەگرتووە[**]

(گۆران و دڵدار) هەردووکیان داهێنانیان لە دەقەکانیاندا کردووە وجیاوازیشیان لەوەدایە کە لە دەقەکەی ئۆسکار بولبول نێوەندگیری هەردوو عاشقەکە دەکات وقوربانی بە خۆی دەدات، بەڵام لە شیعرە کوردییەکان هەر کەسەکە (ئینجا شاعیر خۆی بێت یان نا) ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەعشوقەکەی دەکات.

شیعری (گوڵی سوور)ی دلدار دوو وێنەی گرتۆتە خۆی یەکەم :گوڵێکی هەڵپچوڕکاوی بۆ جارێک بۆنکردنی سیس و ژاکاوی فڕێ دراوی سەرە ڕێگایەکی بێ ناز کەوتوو، دووەم :دڵێکی گەرم وپڕ لە ئارەزووی شاعیرێکی بە سۆزی ئاوی حەزو خۆشەویستی تینوی ویڵی کچێکی شۆخ و نازداری دڵڕەق کە بێ بەزەییانە ژێر پێی ناو پلیشاندیەوە (کاکەی فەللاح : ١١٣)

بەڵام گوڵ لە گێڕانەوەی (ئۆسکار وایلد)جیاوازە، دڵدار بەهۆی ئەندێشە و بیری فراوانی دەشێ سەرسامی بەم گێڕانەوەیە هانی دابێت بۆ ئەوەی ئەم شیعرە لەم قالبەدا دابڕێژێت .

شیعری (کۆترە باریکە) کە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٤٢ نووسیویەتی و لە (٦) کۆپلەی پێنجی پێکهاتووە، کە کۆپلەی (٦) مم دووبارەی کۆپلەی (١)مە و خۆیشی ژمارەی بۆ داناون، ڕیزی یەکەم ( ککو کوکو – ککو – کوو) لە سەرەتای بەشی یەکەم و کۆتاییەکەی کە دەکاتە پێنجەم ڕیز دووبارەکراوەتەوە بە ناونیشانی شیعرەکەی (کۆترە باریکە)مە، ئەم ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی ئەو کاتە گونجاوە کە ڕەمز بێت، بەهۆی ئەوەی کە :

١. ئەم دەنگە دەنگی کەڵەبابە، کە ڕەمزێکە بۆ هەڵسان لە خەو و کاتی بەیانی و ڕۆشنبوونەوە ودەستپێکردنی چالاکیەکانی ڕۆژەکە.

٢. بیرۆکەی ئەم شیعرە، شیعرێکی شاعیری میسری (بدیع خیری)ە، کە (سەید درویش)(١٨٩٢- ١٩٢٣) ئاوازی بۆ داناوەو هەر خۆیشی ووتویەتیەوە و چەندین هونەرمەندی تری وەک (فەیرۆز، دانیا، ...هتد ) گوتوویانەتەوە، تەنانەت هێندە بڵاوە وەک بابەتێکی میللی لێهاتووە

٣. ئاراستەی شیعرەکە بۆ مرۆڤی کوردە کاتێ لە کۆپلەی یەکەمدا دەڵێ :

ککو – کوکو - ککو – کوو
بەسیە نوستن خەواڵوو

---

[*] بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە :

- کەریم شارەزا ، دڵدار وشیعری ڕیالیزم ، گۆڤاری نوسەری کورد ، ژ:١٢٣ .
- عومەر مەعروف بەرزنجی ، کاروانی شیعری نوێی کوردی وچەپکێک سەرنج ، گۆڤاری بەیان ، ژ:٦٠ ، ١٩٨٠ ، ل:٣٩ .

[**] بڕوانە : د.كمال غمبار ، عبدالله گوران ، منشورات وزارة الثقافة ، ط٢، أربيل ، ٢٠١٠ .


چاو     هەڵێنە     هەستە  زوو
هەلی     ژینت     لە دەست چوو
ککو – کوو – ککو – کوو

هەمان ئەو حەماسەتەی هەڵسان و کارکردن لە شیعرە عەرەبیەکەدا بەدی دەکرێت، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی لە عەرەبیەکەدا ئاماژە بە ناوی (کەلەشـێر) کراوە بەڵام (دڵدار)تەنیا لە ڕێگەی دەنگەکەوە بە بێ ناوهێنانیەتی،هەرچەندە ئەگەر (کۆترە باریکە ) خواستنێک بێت بۆ(کچۆڵەیەکی ناسک) گونجاوە، چونکە ناونیشانی شیعرە عەرەبیەکەش (الحلوه دي) ئاراستەی مرۆڤە بە گشتی، بەڵام لە ڕێگەی دواندنی ئەو کچە جوانەی بەیانیان هەوێر دەشێلێت وچالاکە بۆ ئەوەی ببێتە پەیامێک لە تایبەتییەوە بۆ گشتی ئەم شیعرە لە لایەن دکتۆر مارف خەزنەدار بە سروودی منداڵان دانراوە بەڵام نە پەیوەندی بە سروود و نە پەیوەندی بە منداڵ هەیە .

٤. هەرچەندە دڵدار بیرۆکەکەی وەرگرتووە، بەڵام بەرگێکی کوردی ڕەسەنی بە بەردا کردووە و تەنانەت شیعرە عەرەبییەکەشی تێپەڕاندووە، ئەگەر بێتوو ئاوازێکی بۆ دابنرێت، نموونەیەکی جوان و لە پانتاییەکی فراواندا بڵاو دەبێتەوە، واتە چۆن (ئەی ڕەقیب) لە بواری نەتەوایەتی بڵاوە، ئەم شیعرەش هێندەی ئەو لە بوارەی کۆمەڵایەتیدا بڵاو دەبێتەوە .

پۆلین بەندی کاتیگۆری لە ژیانی مرۆڤدا بەم شێوەیە ( الجادرجي:٢٠١٣ : ٢٩)

**کاتیگۆری ئیساتیکایی**



**کاتیگۆری سوودوەرگرتن**     **کاتیگۆری ڕەمزیی**

کاتیگۆری سوودوەرگرتن :ئەو پۆلێنبەندەیە کە شوێنی نیشتەجێ و خواردن و پارێزگاریکردن و زۆربوون دەگرێتەوە و پۆلێن بەندی ڕەمزیی پێداویستیەکانی ناسنامەی خود و ئاسودەیی کە پەیوەیستە بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی سایکۆلۆژیەتی مانەوە، ئەم دووانە واتە پۆلێنبەندی سوودوەرگرتن و ڕەمزیی بنەڕەتیین بۆ بەردەوامیدان بە بوون، بۆیە پێویستییان بە تێربوون هەیە، بۆ ئەوەی دووبارەیی وبێزار بوون دروست نەبێت، پێویستییان بە داهێنان وەک خاڵێک بۆ دوورکەوتنەوە لەو سواوی و دووبارەییە هەیە ( الجادرجي: ٢٠١٣ : ١٣ – ١٤) واتە : سوود وەرگرتن و ڕەمزیی لە جیهانی پێداویستییەکانی بوون دەستەبەر دەبێت و ئیستاتیکی لە جیهانی داهێنراودا دەستەبەر دەبێت و پەیوەستە بە ئەندێشەو خەیال.

ئەگەرچی شـاعیر لە کاتیگۆری سـوود وەرگرتن ورەمزیی بە پێی پێویسـت نەبووە، بەڵام دەروونی بەرزی وکەســـێتی وئاســـتی ڕۆشـــنبیری وایکردبوو هەردەم بەرەو جوانییەکان هەنگاو بنێت و نەوەستێت .

فریدریتش نیتشــە (Friednich Nietzehe) (1844 – 1900) پێکهاتنەوەیەکی تەواوی لە نێوان هونەرو هەقیقەتدا کرد، بەمەش پەیوەندییەکانی نێوان هونەر و ژیان و جیهان و مرۆڤ دووبارە بنیاد نایەوە و فەلسەفەکەی بەوە جیاکرایەوە کە ئامادەییەکی فراوانی تێڕوانینی جوانی لە خۆگرتووە تا گەیشـتە ئەوەی جەختی لەسـەر ئەوە کردووە ژیان و جیهان و بوون هیچ بەهایەکیان نییە، تەنیا لە ڕووی توانایان لەسەر پاساو هێنانەوەی جوانی نەبێت ( ولدیب:٢٠٠٦ :١٣٦)

تەنانەت (هونەر لە جوانیناسـی (هیگل)دا دەگاتە ئاسـتی ناوەڕۆکی ئایین و فەلسـەفە بە دیاریکردنی مەبەستی کۆتایی لە دەرخستنی حەقیقەتدا) ( ولد یب: ٢٠٠٦: ٢٣٧)

لەو ڕوانگەیەوە (دڵـدار) وەک چۆن بیرکردنەوەیەکی میســـالیـانەی هەبوو، هەڵســـوکەوتی نێو شـــیعرەکانی بە هەمان شـــێوە، زۆر بە مەزنی دەیڕوانییە بوون و مرۆڤ لە لایەک و مرۆڤ و مەعریفەش لە لایەکی ترەوە، پێی وابوو پێکهاتەی مەعنەوی مرۆڤ زۆر باڵایە و دەتوانێ لە ڕێگەی تێگەیشتن لە بوون و بەدواچوونی مەعریفی باڵاتریشی بکات، جوانی لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێژەیی یە، بەڵام ســـیمای ووردی وقووڵی و گشـــتگیری تێدا بەدی دەکرێت،دركپێكردنی كەم و كورتیەكانی کۆمەڵگەی کوردی لە سـەردەمی (دڵدار) دا، لە لایەن (دڵدار) وهەڵوێسـت وەرگرتنی، لە بەرامبەریاندا تێڕوانینی ووردی (دڵدار) دەنوێنن، بۆیە (توانی بە چەند سالێکی کەم شوێن پەنجەی خۆی بە سەر مێژووی نەتەوایەتی میللەتێک بۆ ماوەی سـەد سـاڵ جێهێڵێ، شـیعری نەتەوایەتی بگەیەنێتە ئاستێک کە جورئەتێکی دەوێت ڕێچکەی ئەو هەڵگریت )(غریب : ٢٠١٨ : زنجیرە ١٧ ) .

**ئەنجامەکان**

• سـەرچاوەی داهێنان جوانی و بەرهەمهێنانی جوانییە، هەر دەقێک داهێنان لە ڕێگەی جوانییەوە ئەنجام نەدات، ئامادەیی کەم دەبێتەوە، ئەوەی لە هێلی گشـتی شـیعرەکانی دڵدار دا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە دڵدار کەسـێکی میسـالی بووە هەم لە هزر و هەمیش لە کۆی ژیانیدا بۆیە ژیانی بۆ دەرەوەی خۆی تەرخانکردووە،بەمەش تەنیا لە چەند شیعرێکی وەک :خەندەکەی بایی و گوڵی سور و شـیعرە هاوبەشـەکانی لەگەڵ (عەونی و جاهید) مافی بە هەسـتەکانی داوە جوانییە تایبەتییەکەی هەناسە بدەن.

• جوانی و تێگەیشـتنی جوانی لای دڵدار ناوەڕۆک بووە نەک ڕِوخسـار،جەوهەری جوانی لە هەڵوێست نواندن و کردار و خزمەتکردندا بەدیکردووە و خەمی گەورەی نشتیمان و هەر نشتیمان بووە کە بۆتە ئیلهامبەخشی گوتارەکانی نێو دەقە نەتەوەییەکانی.

• هەردوو جەمسـەری هۆشـیاری و مەعریفە جوانییان لای دڵدار بەرهەمهێناوە ولە هەریەک لەبیرۆکەکانی خۆی و بیرۆکە وەرگیراو و بابەتە هاوبەشەکاندا جوانی هەمەجۆری جیهانی هەستی و هزری دڵدار دەناسێنن.

• دڵدار لە نێوان دووانەی عیشـق و وولاتدا دوەمییان هەڵدەبژێرێت،وەک چۆن لە نێوان حاجی و نالی ئاوەز و هەستەکانی دەکەونە ململانێ و لە نێوان جوانییە قووڵە غەزەلییەکانی نالی و هەستی پاکی نشتیمانپەروەری حاجی ئارەزووی بە لای حاجی سەردەکەوێت .

• دڵدار لە داڕشتنی شیعرەکانیدا وەک ناوەڕۆک و تەوزیفکردنی کەرەستەکانی شیعر سەرکەوتوتر بووە، بە بەراورد بە ناونیشـانی شـیعرەکانی، چونکە ناونیشـانەکان نەیانتوانیوە کۆی هەسـت و نەسـتەکانی ناوەوە بگەیەنن و ببنە ناسـنامەی دەقەکان و هەڵگری جوانییەکان،بەهۆی ئەو ڕاستەوخۆیی و سادەییە ڕوکەشەی لە بەشێکیاندا بەدیدەکرێت١

• دڵدار ڕەخنەگرێکی هۆشیاری نەک تەنیا سەردەمی خۆی بەڵکو بۆ دواتریش بووە و (من) ەکانی دڵدار سنوری (من) ی خودیان تێپەڕاندووەو لە نێو (من)ی نەتەوەیی تواونەتەوە .

## سەرچاوەکان


١. باڵەک،شێخ محەمەد(٢٠١٠) سەردانی خانی،حاجی،دڵدار،پەشێو، ٢١k گۆڤار،ژمارە ١٥،هەولێر.

٢. بەرزنجی،عومەر مەعروف(١٩٨٠)کاروانی شـــیعری نوێی کوردی وچەپکێک ســـەرنج،گۆڤاری بەیان،ژ ٦٠.

٣. بێکەس(١٩٨٠)دیوان،محەمەدی مەلا کەریم، چ٢، چاپخانەی الادیب: بەغدا.

٤. حەســـەن،حەمەســـەعید (٢٠٠٧)، شـــیعری کوردی بە زمانی ســـوێدی، ڕامان، ژمارە (١١٨) (٢٠١٧/٣/٥)

٥. سالم (١٩٧٢)دیوان،چ٢، چاپخانەی کوردستان: هەولێر.

٦. شارەزا،کەریم(١٩٨١)دڵدار و شیعری ڕیالیزم،گۆڤاری نوسەری کورد،ژ١٢٣:هەولێر.

٧. گۆران(١٣٨٣)دیوان،محەمەدی مەلاکەریم،چ١،چاپخانەی دالاهۆ:تاران.

٨. عارف،د.محمد نوری(٢٠٠٧) فەرهەنگی دیوانی شاعیران _نالی،سالم،کوردی، چاپخانەی دەزگای ئاراس: هەولێر.

٩. عبدالرحمن،شێرزاد(١٩٨٦)دڵدار شیعر و هەڵوێست، مطبعة دار الرسالة : بەغدا.

١٠. عەبدولەتیف یونس،هێرۆ(٢٠٠٨)نامەی ماستەر،سلێمانی.

١١. علاءالدین، عبدالخالق (١٩٨٥)دڵدار شـاعیری شـۆڕشـگێڕی کورد، دار افاق عربیە للصـــحافە و النشر: بەغدا.

١٢. غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٨)، دڵدار خۆرێک بە ئاســـمانی ئەدەبەوە، زنجیرە (١٧)، باســـنیوز، http://www.basnews.com/index.php/opinion/41965 .

١٣. فەتاح،ڕزگار عومەر(٢٠١٣)ڕۆمانســـیزم لە شـــیعری هێمن ومحەمەد نووری دا،چ١، چاپخانەی موکریانی: هەولێر.

١٤. قادر،د.خانزاد عەلی(٢٠١٢)زمانی شـــیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شـــێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم :هەولێر.

١٥. کاکەی فەللاح،حەمە حەمەئەمین قادر (١٩٧٨) کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد: بەغدا.

١٦. کوردی(٢٧٥٣ک )دیوان،چ٢، چاپخانەی کوردستان: هەولێر.

١٧. نالی(١٣٩١)دیوان،مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم،چ٨، انتشـارات کردسـتان: سنە.

١٨. هەردی(١٩٨٤)ڕازی تەنیایی،چ٢،هەولێر:چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

+ کتێب/بە زمانی عەرەبی

١٩. الخال،یوسف(١٩٧٨)الحداثة في الشعر،ط١، دار الطليعة للنشر و التوزيع: بيروت.

٢٠. أدونيس(١٩٧٨)زمن الشعر،ط٢، ؟ :بيروت.

٢١. ت.ســـيس،ولتر(٢٠٠٠)معنى الجمال_نظرية في الاســـتطيقا،ترجمة/ امام عبدالفتاح امام، المجلس الاعلى للثقافة :القاهرة .

٢٢. سانتيانا،جورج(٢٠١٠)الاحساس بالجمال،ترجمة/محمد مصطفى بدوي، مكتبة الانجلو: القاهرة.

٢٣. وهبة،مجدي /المهندس،كامل(١٩٧٤)معجم المصـــطلحات العربية في اللغة و الأدب، مكتبة لبنان: بيروت.
٢٤. العجلاني،منير(١٩٩٩)مدارس الجمال عند الغربيين،مكتبة لبنان: بيروت.
٢٥. هيدغر،مارتن(١٩٧٤)ما الفلســـفة،ما الميتافيزيقا؟ هيلدرلن و ماهية الشـــعر،ترجمة/فؤاد كامل و محمود رجب، دار الثقافة للطباعة و النشر والتوزيع: القاهرة.
٢٦. ابراهيم،زكريا(دون تاريخ الطبع)فلسفة الفن في الفكر المعاصر، دار مصر للطباعة: القاهرة.
٢٧. باشلار،جاستون(٢٠٠٣)التحليل النفسي للنار،ترجمة/د.زينب محمود الخضيري،ط١، دار شرقيات للنشر و التوزيع:؟.
٢٨. غمبار،د.كمال(٢٠١٠)عبداللة كوران،ط٢،أربيل:منشورات وزارة الثقافة.
٢٩. الجادرجي،رفعة(٢٠١٣)صـفة الجمال في الوعي الانسـان(سـوسـيولوجية الاسـتطيقية)،ط١، مركز دراسات الوحدة العربية: بيروت.
٣٠. ولديب،د.ســـيدي محمد(٢٠٠٦)الجماليات الرومانســـية_راهنيتها و حدودها،ط١، دار الافاق العربية:القاهرة.
٣١. أدونيس(١٩٩٦)سياسة الشعر،ط٢، دار الاداب: بيروت.
٣٢. كوهين،جون(٢٠٠٠)النظرية الشعرية،ترجمة/أحمد درويش، دار غريب: القاهرة.
٣٣. نيار،د.مدحت(١٩٨٦)الشعر_غاياته و وسائطه،؟.
٣٤. هويسمان،دنيس(١٩٨٣)علم الجمال،ترجمة/ظافر الحسن،ط٤، منشورات عويدات: بيروت_باريس.
٣٥. ســوريو،اتيان(١٩٨٢)الجمالية عبر العصـــور،ترجمة/د.ميشــال عاصــي،ط٢، منشــورات عويدات: بيروت_باريس.
٣٦. الجيار،د.مدحت(٢٠٠٥)علم النص_دراسة جمالية نقدية،ط٢، ؟ :القاهرة .
٣٧. محمد،د.رمضـان سـطويسـي(١٩٩٣)علم الجمال لدى مدرسـة فرانكفورت_ادورنو نموذجا،ط١، ؟: القاهرة .
٣٨. بودوخة،د.مسعود(٢٠١١)الاسلوبية و خصائص اللغة الشعرية، عالم الكتب الحديث: الاردن.
٣٩. الربضي،انصاف(٢٠٠٧)علم الجمال بين الفن و الابداع، دار الفكر: عمان.
٤٠. باشلار،جاستون(؟)جماليات الصورة،ترجمة/د.غادة الامام،ط١، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع :بيروت.
٤١. حسين،د.مسلم حسب(٢٠٠٧)جماليات النص الأدبي_دراسات في البنية و الدلالة،ط١، دار السياب :لندن.
٤٢. أبو ماضي،ايليا(٢٠٠٤) الأعمال الشعرية الكاملة،بيروت:دار العودة.
٤٣. محمود،د.عبد الباسـط(٢٠٠٥)دراســة في لغة الشــعر عند ايليا أبو ماضــي، دار طيبة للنشــر و التوزيع و التجهيزات العلمية:القاهرة.

# ملخص البحث

لقد كان الجمال بجانب الخير و الحق من أهم ما يشغل فلاسفة و مفكري اليونان، اذ تبدأ نظرية الجمال مع أفلاطون كنقطة البداية.مع انه يفترض وجود مثال خارجي للجمال، و صورة الجمال المحسوسة ما هي الا شبيهة بالجمال، في هذا المنطلق فان أشعار دلدار (١٩١٨_١٩٤٨) لها خصوصيتها المتمثلة بتفجير طاقات التشكيل البصري و السمعي و الافادة من العناصر الجمالية.
لذلك خصصنا هذا البحث الموسوم ب( القيمة الجمالية في أشعار دلدار ) لان للشاعر مع قصر عمره و نتاجاته مكانة مرموقة في الأدب الكوردي،وهو صاحب انشودة (أي رقيب) المنتشرة في أنحاء كوردستان الكبيرة كنشيد وطني، بسبب الروح الحماسية و التحدى المكنونتين فيها .
ويعتبر دلدار شاعرا واعيا بقضايا امته و ناقدا لمجتمعه، على هذا الأساس قسمنا البحث الى محورين : يتحدث المحور الأول (الوعي الشعري و جمالية الايقاع الشعري لدى دلدار) عن الامكانيات الفنية للشاعر و توظيفها في أشعاره و تحديد الجماليات و مدى قيمتها الجمالية.و المحور الثاني يدور حول : جمالية اللغة الشعرية و مثلث الوجود و المعرفة وتركيبة الانسان،و أخيرا عرضنا أهم النتائج و قائمة المصادر و ملخص البحث باللغتين العربية و الانجليزية.

## Summary

Beauty was the main concern of the Greek philosophers beside honesty and goodness. Plato's theory of Aesthetics is the beginning. Though, it is supposed that there should be an external example for beauty. The portrayal of beauty only looks like beauty. Depending on this, the poems of Dldar (1918-1948) is characterized by their explosive ability of getting benefit from beauty acoustically when it looked at.

This research which is entitled as The *Aesthetic value in Dldar's poems* and is concerned with his important place in Kurdish Literature though he did not live for a long time. He is the owner of the poem (Ay Raqib) which is a famous national anthem in the Great Kurdistan due to the zeal and challenging spirit in it.

Dildar can be considered as a conscious poet of his nationality and the case of his Kurdish society. Accordingly, the research is divided into two sections. The first one is about the poetic consciousness and aesthetic rhythm in his poems. It reveals the poet's artistic ability and its use in his poems and specifying the aesthetic aspect of the poems.

The second section is about the beauty of the poetic language and the triangle of the existence, knowledge and the structure of the human being. The last part of the research is concerned with the main conclusions and results followed by list of references in Arabic and English.